

# گوللەیەک ژن و مێردێک لە مردن نزیک دەکاتەوە

### دەنگی تەقەیەکی سامناک

لەسەری کۆڵانەکە، لە ژێر کەپرەکەی دوکانی (حاجی خدر) وەکو جاری جاران گەنجان و هەرزەکارانی گەڕەك دانیشتبوون و قسەیان دەکرد، لەو لاشەوە یەك دوانێکیان لەسەر ئەو تەختە دارەیان کە زۆربەی شەوانی هاوین دەیانهێنا و دۆمینەیان لەسەر دەکرد، خەریکی یاری دۆمینە بوون، کاتژمێر بووە یانزە ونیوی شەو زۆربەیان چوونەوە تەنیا (زیاد و حەمە و عومەر) نەبێ، دانیشتبوون خەریکی باس و خواسی دڵداری بوون، کۆڵانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، کارەبا جارێ نیو کاتژمێری تری مابوو، بۆیە خاوەن موەلیدەی گەڕەکیش هاتە لای ئەم سێ گەنجە هاوڕێیە، لە پڕ کابرایەك بەهێواشی و بێ ئەوەی تەماشایان بکات لەسەر کۆڵانەکە بەدیارکەوت و لە ناوەڕاستی کۆڵانەکە چووە لای دەرگایماڵێك و لە دەرگای دا، دوای چەند خولەکێك دەنگی تەقەیەك بیسترا، هەموویان کە خەریکی قسە بوون، بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن روویان بەرەو دەنگی تەقەکە وەرگێڕا، هەمووان لەخۆوە قسەکانیان بڕی و بێدەنگ بوون، هەر هێندەیان زانی هەمان کابرا لە هەمان ئەو ماڵەی کە چووە ژوورەوە بەشڵەژاوی و تەنگەتاوییەوە دەرپەڕی. (زیاد) کە تەماشای کرد و بەباشی دیقەتی دا گوتی: وەڵڵا ئەوە (شێرزاد)ی برای (شلێر) بوو. باشە ئەو کوڕە خۆ قسەی نە لەگەڵ (شلێر)ی خۆشکی و نە لەگەڵ زاواکەشی نییە، چۆنە وا بەم نیوە شەوە چووە ماڵەکەیان و دوای دەنگی تەقەکەش یەکسەر و لە ماڵی خوشکەکەی دەرپەڕی. ئەم ساتە کەمانە ئەم یەك دوو کەسە خەریکی ئەو قسانە بوون کە دەنگیناڵەی کابرایەکیان هاتە بەر گوێ. (زیاد) گوتی: کوڕینە بەخوا دەنگی تەقەکە لە ماڵی (شلێر)خان بووە، هەبێ و نەبێ شتێك لەو ماڵە قەوماوە، وەرن با خێراکەین بزانین چی قەوەماوە و چ روویداوە، چوون و لە دەرگاکە چوونە ژوورەوە دەبینن (سەرتیپ)ی مێردی (شلێر) گوللەیەکی بە سکی کەوتووە و بە خشکە خشك دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە بەر دەرگا و دەرودراوسێ ئاگادار بکاتەوە. لەولاشەوە گوللیەك بەسەر دڵی (شلێر) کەوتووە و هێشتا بە هێواشی هەناسە دەدات و چاو دەگێڕێ بەڵام توانای قسەکردنی نییە و هەموو کراسەکەشی بە خوێن سوور بووە و لەسەر لاتەنیشتێکدا کەوتووە، (زیاد) هاواری کرد و گوتی: کوڕە (حەمە) بڕۆ پیکابەکەی ماڵی مام عوزێر بێنە دەرەوە و بەتانییەکیش بێنە با زوو بیانگەیەنینە نەخۆشخانە، (زیاد و عومەر) یش خەریکی راستکردنەوەی (سەرتیپ) بوون و پێیان گوت: کاك سەرتیپ کێ تەقەی لێتان کردووە و پێمان بڵێ با هەتا زووە بە پۆلیس بڵێین، ئەویش گوتی: (شێرزاد) بوو) (شێرزاد)ی برای (شلێر) کەوای گوت ئەوجا ئەوان تێگەیشتن مەسەلەکە چییە. (زیاد) هاواری لە (عومەر) کرد کە هەوڵبدات بەزووترین کات پۆلیس ئاگادار بکاتەوە، ئەوان لەم وەزعەدا بوون کە (حەمە) پیکەبەکەی ماڵی مام عوزێری بەخۆ و بە


کۆمەڵایەتی

گوڵان

ژمارە (٧٥٢)

٢٠٠٩/١٠/١٢



بەتانییەوە هێنا، بە پەلە وەک بروسکە (سەرتیپ)یان لەناو بەتانییە لوولدا و هاویشتیانە ناو پیکابەکە. ئینجا چوونە لای (شلێر) و تا ئەویش بخەنە ناو ئۆتۆمبێل بەڵکو زوو بیگەیەننە نەخۆشخانە و بە فریای بکەون. کەچی کە چوونە لای دەبینن سەری لاربۆتەوە و هەناسەی لەبەر بڕاوە. (زیاد) دەستی لەسەر نێوچەوان و دەستی دانا، دیتی لەشی ساردبۆتەوە و هەناسەی نەماوە، بەڵام بڕوای نەدەکرد مردبێ، (حەمە) گوتی: کاکە با لەو بگەڕێین ئێستا پۆلیس دێت و بەخۆیان ئیشی خۆیان دەزانن با ئێمە تووشی کێشەیەک نەبین. (زیاد)یش گوتی: کورە کێشەی چی و حاڵی چی ئەو ژنە لە گیانەڵڵادایە، تا پۆلیس دەگات رەنگە بمرێ، کێ ناڵێ ئەگەر بیگەیەنینە نەخۆشخانە بە فریای ناکەون و ژیانی لەمردن رزگار ناکەن. (عومەر) یش گوتی: کاکە وەختی ئەو مشتومڕە نییە وەرە یارمەتیم بدە با ئەو ژنە بخەینە ناو ئۆتۆمبێل، بە دەستوبردێک ئەویشیان خستە ناو پیکابەکە و بە خۆشیان سوار بوون. (حەمە) پیکابی بەگەڕخست و وەک گوللە بۆی دەرچوو، پاش چەند خولەکێک خۆیان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، لەوێ بەدەم هێنانە خوارەوەی هەردووکیان هەر بە پێوە رووداوی تەقە لێکردنیان بە پزیشکەکانی ئەوێ گوت، ئەوانیش (شلێر)یان گەیاندە هۆڵی فریاکەوتنی ژنان و (سەرتیپ)یش بۆ هی پیاوان، جارێ پێش هەموو شتێ گوتیان بزانن ئەو ژنە ماوە یان مردووە، پزیشکەکان بە جوانی پشکنینیان بۆ کرد و گوتیان هێشتا ماوە، بەڵام حاڵی زۆر شڕە و خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیوە و گوللەکەش شوێنێکی زۆر خراپی گرتووە. ئیدی داوای خوێنیان کرد و بەپەلە هەندێ دەرزیان لێدا و ئاویان پێوەکرد. لەچاو تروکانێکدا دوو سێ بتڵە خوێنیان پەیدا کرد، پزیشکەکانی ئەویش هەرچی پێویست بوو بە پەلە بۆیان ئەنجامدا و داوایان لە پزیشکی پسپۆر کرد ئامادە بێ، ئەوەندەی پێنەچوو (شلێر) یان رەوانەی هۆڵی نەشتەرگەری کرد، ئینجا کە ئەویان تەواو کرد (زیاد و حەمە و عومەر) چوونە لای (سەرتیپ) و خوێنیان بۆ ئەویش پەیدا کرد، بەڵام ئەو نەشتەرگەری پێویست نەبوو، خستیانە ژێر چاودێری پزیشکی چڕەوە. ئینجا هەر بەم دەموودەستە دوو پۆلیس و رێپێدراوێک و لێکۆڵەرێکی دادی هاتن و دەست کرا بە لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵ (سەرتیپ) لێکۆڵەرەوەکە و پرسیاری سەبارەت بەوەی کێ تەقەی لێکردووە و بۆ تەقەی لێکردووە و چۆن و لە کوێ ئەم کارەی کردووە؟ ئەویش بەدرێژی وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەمشەو ماوەیەکی کەم پێش ئێستا برایەکی خێزانم کە ناوی (شێرزاد)ە لە دەرگای ماڵەکەمانی دا، منیش کە نەمزانی کێیە گوتم، کێیە؟ کەچی وەڵامی نەدایەوە، منیش هەر بەدەم رێوە بۆ کردنەوەی دەرگاکە چووم و دەرگام کردەوە، دیتم یەکسەر پاڵێکی پێوەنام و خۆی بە ژووردا کرد و دەمانچەیەکی دەرهێنا و پێی گوتم (سەرتیپ) پێم گوت وازبێنە دەست لە (شلێر) هەڵگرە، منەتت نەزانییە بە دزی ئێمە چوونە دادگا و مارەت کرد و ئێمەش بەناچاری خۆمان بێ دەنگ کرد و لەبەرچاومان بە نارازی بوونەوەش گواستتەوە، پێم نەگوتی مادام ئەو کارەت کرد هەر دەتکوژم، ئەوە بوو لەو دەمە (شلێر)یش هات و هاواری لێکرد و گوتی (شێرزاد) من و (سەرتیپ) نیاز و مەبەستمان پاک بوو، لەسەر شەرعی خودا و پێغەمبەر بووین، بەڵام تۆ هەر لەبەر ئەوەی زانیت کە من (سەرتیپ)م دەوێ نارازی بووی و باوک و براکانی تریشت لێ زویر و تورە کردم، وەکی زانیشمان (سەرتیپ) نیازی پاکە لێمان خۆش بوون، بەڵام تۆی بەرق و کینە هەر وازت نەهێنا، (سەرتیپ) پیاو ماقوڵی دنیای بە گژ وەنای هەر لە کەلی شەیتان نەهاتیە خوارێ، ئێستاش ئیدی ژن و مێردی یەکترین و نامەوێ یەک دەقەش لەم ماڵە بێت. هەرکە (شلێر) وای گوت دەمانچەکەی یەکسەر سورا کرد (شلێر)یش خۆی هاویشتە پێشم و گوتی: ئەگەر پیاوی دە تەقە بکە من بکوژە و واز لە (سەرتیپ) بێنە، ئەوەبوو گوللیەکی تەقاند و لەویدا و بەمنیش کەوت.

## دەستگیرکردنی تاوانبار

کە لێکۆڵەرەکە وتەکانی (سەرتیپ)ی وەرگرت کردییە دۆسییە و (زیاد و حەمە و عومەر)یشی کردە شایەت و وتەی ئەوانیشی وەرگرت کە چۆنیان دیتبوو چیان بیستبوو، دۆسیەکەی رەوانەی دادوەری ئێشکگر کرد و ئەویش بڕیاری دەستگیرکردنی دا. بەیانییەکەی کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ (شێرزاد) دەستگیر کرا، شەو حاڵی (سەرتیپ) بەرەو باشی دەڕۆیی، بەڵام حاڵی (شلێر) بەرەو خراپی دەچوو، کە نەشتەرگەرییەکەیان بۆ تەواو کرد یەکسەر رەوانەی هۆڵی چاودێری چڕیان کرد، بەیانییەکەی وردە وردە حاڵی بەرەو باشی دەڕۆیی، ئێوارەکەی بەئاگاهات و توانی چاوی بکاتەوە، بۆ رۆژی دواتر پزیشکەکان گوتیان ئێستا لە قۆناغی مەترسی گەورە دەربازی بووە، دوو رۆژی تریش بەسەر باش بوونی وەزعی دا رۆیشت و لە قۆناغی مەترسی دەربازی بوو، دوای دەستگیرکردنی (شێرزاد) یش لێکۆڵینەوە لەگەڵی بەردەوام بوو، لەم ناوەش باوک و براکانی تری (شلێر) کە بە مەسەلەکەیان زانی هەموویان پشتگیری خۆیان بۆ (شلێر) و (سەرتیپ) دەربڕی و سەرکۆنەی (شێرزاد)یان دەکرد، بە کورتی بنەماڵەو کەسوکاری هەردوولا لایەنگیری ئەم ژن و مێردە بوون و دەیانگوت: باشە کێشەکە بە پێکهاتن و دەرخستنی نیازپاکی هەردوولا نەبڕایەوە، پاشان باوک و براکانی (شلێر) هەرچییەکیان ویست (سەرتیپ) جێبەجێی نەکرد، ئەی باشە ئەو رق و کینەیەی (شێرزاد) لەپای چی؟ دوای رزگاربوونی (شلێر) لەمردن و بەرەو چاکبوونەوە چوونی هەردووکیان، کەچی هێشتا (سەرتیپ) بڕیاری دا لە (شێرزاد) خۆش بێت. ئەوە بوو دوای چاکبوونەوەشیان هەردووکیان لەپێش دادگا لێخۆشبوونی خۆشیان لە (شێرزاد) راگەیاند، لە هەموو مافێکی سزایی و مەدەنی خۆیان خۆش بوون، بەڵام دوای سێ مانگ لە لێکۆڵینەوە دادگای تاوان (شێرزاد)ی بە سێ ساڵ بەند کردن حوکم دا.

**لەپڕ کابرایەک لەو نیوەشەوەدا بە هێواشی و بێ ئەوەی تەماشایان بکات، لەسەری کۆڵانەکە بەدیار کەوت و لەناوەڕاستی کۆڵانەکە چووە لای دەرگای ماڵێک و لە دەرگای دا**



# شەوی بووک گواستنەوەی (زیاد)



گوڵان
ژمارە (٧٥٣)
٢٠٠٩/١٠/١٩



ئەمشەو تا پێت دەکرێ بیر بکەوە، ئەگەر پێم نارازی بووی، تکات لێدەکەم ئەو شتەم لێ لە هەڵلا مەدە و تەنیا ئەو پیاوەتییەم لەگەڵ بکە، نهێنییەکەم ئاشکرا مەکە

خەرجییەکی زۆری ژنهێنان

(زیاد) مانگێك بوو ماڵی خۆیانی بەگژ ماڵی باوکی (سۆزان)ەوە نابوو، دەستە دەستە پیاوی دەناردە ماڵیان، (سۆزان) بەدڵ و بەگیان حەزی دەکرد (زیاد) بیخوازێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (زیاد) کە جارجارە دەرفەتێکی وەردەگرت و پیاسەیەکی لەگەڵ (سۆزان) دەکرد، هەستێکی پەنهانی لەلا دروست دەبوو، کە (سۆزان) لە قوڵایی ناخیدا جۆرە نیگەرانییەکی هەیە، بەڵام نایدرکێنێ، یان راستتر وایە بڵێین ناتوانێ بیدرکێنێ، ئەو نیگەرانییە چی بوو، یان بۆنی چی

لێدەهات؟ نەیدەزانی، هەرچەندە جارجارە بیروهۆشی بۆ ئەوە دەچوو کە ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵی بە کەسێکەوە بووبێ، یان بە پەیوەندییەکی خۆشەویستدا ڕەتبووبێت بەڵام (سۆزان) بە هەموو شێوەیەك شتی وای ڕەتدەکردەوە، (سۆزان) بە حکومی ئەوەی دەرچووی یەکێك لە کۆلیژەکانی زانکۆی بەغدا بوو، بۆیە کە (زیاد) ئەو ڕەنگ و ڕووەی (سۆزان)ی دەبینی لە دڵی خۆیدا دەیگوت: هەبێ و نەبێ ئەو کچە لە ماوەی قوتابییەکەی لە کۆلیژ یادگارییەکی هەیە و جارجارە بیرو خەیاڵی بۆ ئەو یادگارییانەی هەڵدەفڕێ، بەڵام (سۆزان) زۆریش خۆی بە خۆشحاڵ دەزانی کە (زیاد) ئەوەندەی خۆش دەوێ، هەموو جارێکیش کە بەیەکەوە پیاسەیان دەکرد، بە (زیاد) ی دەگوت، دەزانم منت زۆر خۆشدەوێ، خۆشم بەرامبەرت هەروام، بەڵام دەترسم کە خواستمت پەشیمان ببیەوە لێم، یا وەکو ئێستا نەمێنێ و بگۆڕێیت. لە هەر جارێك کە یەکدییان دەدیت ئەو باسە هەر دەهاتەوە گۆڕێ، ماڵی (سۆزان) زۆر کەللە ڕەق ببوون و هەر جارێکیش هەنجەتێکیان دەدەیتەوە، بەڵام ئاخیرییەکەی دوای داواکردنی بڕێکی زۆری زێڕ و چەك و جل، بەسەد ناری عەلی ڕازی بوون، ڕێورەسمی شەکراو خواردنەوە و مارەکردن نزیکەی هەفتەیەکی خایاند، ئینجا (زیاد) دەستیکرد بە ماڵ دانان و کڕینی کەلوپەل و حاجات و پێداویستییەکانی ناو ماڵ. (سۆزان) زۆر هەوڵی دەدا بە جۆرێك مەسەلەکەی بەلایەکدا بشکێنێتەوە کە بتوانێ نهێنییەکەی خۆی کە ساڵانێکە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە، لەکات و ساتێکی گونجاودا باسبکات.

هەندێجار ئەو ساتانەی بەبیردەهاتەوە کە لە کۆلیژ لەگەڵ ئەو کوڕە عەرەبەی کە هاوپۆلی بوو ناوی (عەلی) بوو، بەیەکەوە پیاسەیان دەکرد و لە کافتریا دادەنیشتن و خەریکی گفتوگۆ دەبوون، لەوەندە زیاتر نەیدەهێشت یادەوەرییەکانی بێنەوە بەرچاوی، دڵی تەنگ دەبوو، هەناسەی خێراتر لێیدەدا و چاوەکانی پڕ ئاو دەبوون و نەفرەتی لەو ڕۆژانە و ئەو ڕێکەوتەش دەکرد کە (عەلی) تیا ناسی. دڵی خۆی دەدایەوە و بزەیەکی تەنك دەهاتە سەر لێوانی و لە ناخی خۆیدا دەیگوت: چۆن (عەلی) یەکی سفڵە و بێ نمەك (عەلی)یی‌ەکی بێ بەها، دێتە ڕێز (زیاد). ئەو لە کێ و ئەم لە کێ! دڵنیام تێمدەگات و لە ڕاستی مەسەلەکە دەگات و بڕواشم پێدەکات، بریا باوکم ئەوەندەی داواکاری نەبایە، ماڵی خراپ نەبێ، ئەوەندەی پێداگرت لە تامی بردە دەرێ، ئێستا تۆ بڵێ من مێردەکەم تۆ بۆ ئەوەندە داواکاری داوا دەکەی. چی لەو هەموو زێڕە بکەم، کە من ئەسڵەن لە ناخدا ڕووخاوم و دڵم تەنگە، نە گوارەیەك و نە دوان نە تاخمێك و دوان، هەر نەیدەبڕییەوە ئای (زیاد) ی دڵپاك، باوکم بەو هەموو هەنجەت و بڕو بیانووە نەیتوانی خۆشەویستی تۆ ببەزێنێ.

تەدارەکی گواستنەوە

(زیاد) هەر خەریکی خۆسازدان و خۆ ئامادەکردن بوو، بە هیچ ڕانەدەگەیشت، چەند جارێك (سۆزان) پێی گوتبوو، ئەمە و ئەمەو ئەمە، مەکڕە و ئەگەر قسەیان کرد خۆم دەڵێم کڕیوەتی و هەقت بەسەرەوە نەبێ، تۆش بڵێ کڕیومە، کۆمەڵە شتێکی زیادەی زۆری لە کۆڵ (زیاد) کردەوە و باری سوو کرد، (زیاد) کارەکانی تەواو کرد و ڕۆژی ئاهەنگی بووك گواستنەوەکەی دیاریکرد. جلی بووکێنی بە کرێ هێنا و بۆ (سۆزان) ی ناردەوە ماڵەوە. (سۆزان)یش خەریکی خۆسازکردن بوو، وەکو بووکێك بە ڕێ بکرێ، جلی بووکێنی بردە ژوورەکەی خۆی و تێر بەدیارییەوە گریا، ڕۆژی زەماوەند هەموو لایەك خۆیان سازکرد، ئاهەنگ دەستپێکراو بووك و زاوا هاتنە ناو هۆڵی شایی، تا درەنگانێك شایی و هەڵپەرکێ بەردەوام بوو، کە گەیشتە بەرەبەری شەو کۆتایی بە گۆرانی گوتن هێنراو بووك و زاوا چوونە هوتێل. لێرەوە (سۆزان) ڕەنگ پەڕیوەکەی بەتەواوەتی لەسەر بەدیار کەوت، چەند جارێك خۆی و (زیاد)ی بەشتی لابەلا خەریك کرد، بەڵام کە جلەکانی خۆیان داکەند و جلی خەویان لەبەرکرد، هەردووکیان لەسەر سیسەمەکە لە سەر پشت پاڵکەوتن، (زیاد) هەستی کرد (سۆزان) دەیەوێ شتێ بڵێ، بەڵام بەرلەوەی هیچ قسەیەك بکات، شتێك وەك هێزێك لە ناخی (سۆزان) دروستبوو کە بەسە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نهێنییەکە بدرکێنی، (سۆزان) و (زیاد) هەردووکیان چاویان بڕیبووە بنمیچەکە و هەرجارەی یەکێکیان وشەیەك دوانی لە دەم دەهاتە دەرەوە، (سۆزان) هەر بەو شێوەیەی کە پاڵ کەوتبوو چاوی بڕیبووە بنمیچەکە دەستی بە قسەکرد و گوتی: (زیاد) دەزانم منت زۆر خۆش دەوێ. دەشزانم تا ماڵی ئێمە ڕازی بوون زۆری ماندوو بووی. تۆش هەقی خۆتە بەری ڕەنجی ماندووبوونت بچنیەوە، بەڵام وابزانم من شایستەی ئەو هەموو خۆشەویستی و ڕەنجەی تۆ نیم، هەردووکیان هەڵسانەوە و ڕووبەڕووی یەکتر دانیشتن و (زیاد) پێی گوت: چیت لەدڵدایە حەز دەکەم پێم بڵێی، دڵنیاشبە تەنیا بەراستگۆیی من ئاسوودە و ویژدان ئارام دەبم. (سۆزان) دەستی بە قسەکردەوە و سەر بوردەی خۆی لەگەڵی (عەلی) لە نوکەوە هەتا کۆتایی و سەرەنجامی گێڕایەوە و گەیشتە دوا خاڵە هەستیارەکە و گوتی:

ئەو شەوە بەهەر جۆرێك بێت منی ڕازی کرد بچمە ماڵیان و شەو لەوێ بمێنمەوە، کە ڕازی بووم کاتێکم زانی شەربەتێکی هێنا و منیش بێ دوو دڵی و بێ ئەوەی بزانم چی تیایە خواردمەوە خەوم لێکەوت، کە بە ئاگاهاتم هەستم کرد تازە کار لەکار ترازاوە و چیتر من کچ نەماوم. کە (سۆزان) گەیشتە ئێرە سەری بڵند کرد و تەماشایەکی زیادی کرد و بینی زیاد چاوەکانی پڕ ئاو بووە و فرمێسکی لێدێتە خوارێ، ئینجا پێی گوت عەلی کە وایکرد من بڕیارمدا لێیخۆش نەبم، بەڵام دواجار هیچم پێنەکرا، دوو ڕۆژ پاشتر (عەلی) دیاربوو بە ماڵی خۆیانی گوتبوو ماڵەکەیان لە ترسان باری کرد و خۆشی چیتر نەهاتەوە کۆلیژ، ئەو نهێنییەش لەلام مایەوە تا ئێستاکە، تۆش ئێستا ئازادی لە بڕیاری خۆت. ئەمشەو تا پێت دەکرێ بیر بکەوە، ئەگەر پێم ناڕازی بووی، تکات لێدەکەم ئەو شتەم لێ لە هەڵڵا مەدە و تەنیا ئەو پیاوەتییەم لەگەڵ بکە، نهێنییەکەم ئاشکرا مەکە، بە پیاوەتی خۆتم لەگەڵ بکە و بڵێ من پەشیمان بوومەتەوە. شەو هەردووکیان خەویان لێکەوت. کاتژمێر نۆی بەیانی بوو لە دەرگا درا زیاد بە ئاگاهات و ئەویش (سۆزان)ی بەئاگا هێنا و پێی گوت، جلەکانت لەبەر بکە و دەرگاکە بکەوە بزانە کێیە...!

ئەمشەو تا پێت دەکرێ بیر بکەوە، ئەگەر پێم ناڕازی بووی، تکات لێدەکەم ئەو شتەم لێ لە هەڵڵا مەدە و تەنیا ئەو پیاوەتییەم لەگەڵ بکە، نهێنییەکەم ئاشکرا مەکە

# ئارام چۆن كەوتە داوی كچەكەوە؟



(ئارام) خەریكی بەزم و شایی نێو ئاهەنگی دەرچووانی خولی دەرچوونی برا گەورەكەی بوو، لە زانكۆ ئەو ئێوارەیە هەموان لەناو رەزمی سەماو گۆرانی ئەو گۆرانیبێژەی كە لە پاشنیوەڕۆیەوە قوتابیان و هاوڕێ و دۆست و كەسوكارەكانیان خستبووە شادییەكی ئەوها هەموویان مەستی هەڵپەركێ و ئاوازی گۆ را نییە كا نی بوون كابرای گۆرانیبێژ جەماوەرێكی زۆری هەبوو زۆرێك لە كچان، بگرە كوڕانیش شەیدای دەنگ و رەنگ و رووی ببوون، ئەویش بەخۆی مەست و گەرم بوو، بەهاندان و فیكەی هاندەر و شەیدایەكانی هێندەی دیكە وەجۆش هاتبوو. (ئارام)، هەم لەبەر ئەوەی لە خۆشەویستی (لەنجە) باڵی گرتبوو، هەر لە خۆشەویستی ئەویش كابرای گۆرانیبێژی خۆشدەوسیت، هەمیش ئاسوودە ببوو، دەیگوت تەواو تازە من و ئەو كێشەیە كۆتاییمان هات، بۆیە فیكری بۆ مردن چووبایە، بۆ دووبارە تووش بوون نەدەچۆوە.

ئەوجا لە گەرمەی گەرمەی هەڵپەركێ دابوو، زۆری دڵ بەوە خۆش بوو كە براكەی توانی بەسەركەتوویی كۆلیژ تەواو بكات، ئەویش زۆر بە پەرۆش بوو ئامادەیی زوو تەواو بكات و لە كۆلیژێك بە دڵی خۆی وەربگیرێت، هێندە هەڵپەڕی بوو، لەشی شەلالی ئارەقە ببوو، هەناسەبڕكێ بوو، بڕیاری دا بچێتە دەرەوەی هۆڵەكە و تاوێك پێشوو بدات و فێنكی بێتەوە، چاوێكی لە (لەنجە) داگرت و بە تیلەی چاو تێیگەیاند بۆ ماوەیەكی كاتی دەچێتە دەرەوە و تۆزێك خۆی فێنك دەكاتەوە و هەوا گۆڕییەك دەكات.

(لەنجە) هەر بەتیلەی چاو تێیگەیاند كە زوو بگەڕێتەوە ئەوەبوو لە هۆڵەكە هاتە دەرەوە و دەبەیەك ئاوی ساردی بە دەموچاوی خۆیدا كرد و یەك دوو قومە ئاویشی خواردەوە، هەر هێندەی زانی دەستێك هەندێك پەرە كلینكسی بۆ درێژ كرد و گوتی: فەرموو بەوانە دەموچاوت وشك بكەوە. (ئارام) نەیناسی ئەو دەستە هی كێیە، ئاوڕێكی دایەوە ئەفسەرێكی یەك ئەستێرە لەشانی بینی و داوای لێكرد تا بنكەی پۆلیس بێت و هەندێك پرسیاری لێدەكەن و دەگەڕێتەوە. (ئارام) رەنگ ور ووی تێكچوو، دڵی خورپەیەكی كرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: بە خوای دیسان تووش بوومەوە. ئەوجارە چۆن دەرباز دەبمەوە. چاری نەبوو هەر دەبوو لەگەڵیان سواری ئۆتۆمبێلەكەیان بێت، ئەگەر لاملی بكات بە زۆر سواری ئۆتۆمبێلی دەكەن، چار نییە دەبێ بە پێشیان بكەوێت. گوێڕایەڵیان بوو. بە ئەفسەرەكەی گوت: خێرە ئەو جارە؟ ئەویش گوتی: چ نییە هەر خێر دەبێ، دوو سێ پرسیارانت لێدەكەین و بەڕەڵڵات دەكەینەوە، لە شێوەی وەڵامدانەوەكەی (ئارام) زیندانی هاتەوە پێش چاو، خۆی بۆ دووبارە زیندانی كردنەوە سازدا، وای لەخۆی كرد كەوا بزانێ هەر لە ئێستاوە زیندانییە و ئاهەنگ و خۆشی و هەڵپەركێ و (لەنجە)ی خۆشەویستی و ئازادی خۆی لەبیركرد. هەوڵی دەدا لێكدانەوەكانی لە مێشكی خۆیدا كۆ بكاتەوە و خۆی بۆ پرسیار و وەڵامەكان ئامادە بكات. كە گەیشتنە بنكەی پۆلیس، دابەزین و (ئارام)یان بردە ژووری ئەفسەری لێكۆڵینەوە و یەكەم شت كە جارێ ئەفسەرەكە خەریكی ئامادەكردنی كاغەزەكانی كۆنووسی بوو، بەدەم رێكخستنی كاغەزەكان و نووسینی كلێشەی لێكۆڵینەوەكە بە (ئارام)ی گوت: دادوەر بڕیاری داوە بۆ ماوەیەكی كاتی بەند بكرێیت و لێكۆڵینەوەی زیاترت لەگەڵدا بكرێت سەبارەت بەو تۆمەتەی كە ئاڕاستەی تۆ كراوە و شكایەتت لەسەری لێكراوە، كەوا تۆ هەڵساوی بەدەستدرێژی كردنت بۆ سەر (تریفە) و پڕت داوەتێ و بێ بنت كردووە، كە ئەفسەرەكە ئەو قسانەی كرد، (ئارام) ئیدی بەتەواوەتی لەو دوو دڵی و رارایییەی كە لەناو ئۆتۆمبێلی پۆلیس، لە رێگادا بۆی دروستبوو رزگاری بوو، زانی مەسەلەكە چییە. ئەفسەرەكە بە (ئارام)ی گوت: ئێستا ئەو پرسیارانەمان وەڵام دەدەیتەوە،

بۆچـــی ئەو کچەت بێ بن کـــردووە، لە کوێ ئەم کارەت کرد، چی بوو، کێشت لەگەڵ بوو؟ ئەوانە بە دوورودرێژی وەڵام بدەوە...

شکایەتەکەی تریفە چی بوو

تریفە تەمەنی هەڤدە ســـاڵ بوو، تا بڵێی جوان و ســـەرنج راکێـــش بوو، تا بشـــڵێی مەکرۆ و ســـەر بەگۆبەند بوو، بەڵام لەبەرامبەر حەز و ئارەزووەکانیشـــی تا بڵێـــی لاواز بوو، (تریفە) کە لەگەڵ باوکی چووبوونە بنکەی پۆلیس و گوفتاری خۆیان دابوو، پاشان دادوەر فەرمانی کردبوو کەوا بنێردرێتە پشـــکنینی پزیشکی بۆ ئـــەوەی بزاندرێ داخۆ هـــەر کچە یان کراوەتە ژن. راپۆرتـــی پزیشـــکی دەڵێ: ئـــەو کرایتە ژن و دەمێکیشـــە ئەو شـــتەی لێکراوە، ئەوجا گوفتارەکەشی ســـەبارەت بە شکایەتیکردن لە (ئارام) بەو شـــێوەیە بـــوو، (تریفە) دەڵێ: من و (ئـــارام) هەردووکمان قوتابیین، هەریەکە و لە قوتابخانەیەکین و قوتابخانەکانمان نزیکەی دوو ســـەد مەترێك لێکزیکە، چەند جارێك لەکاتی هاتنە دەرەوەمان رێکەوتی یەکتریمان دەکرد و ئەو سەرنجی منی دەدا و بە تیلەی چاو تەماشای دەکردم. من یەکەم ســـاڵم بوو لەم قوتابخانەیە، پێشـــتر لە قوتابخانەیەکی تر بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵمان گوازرایەوە نزیك ئەو قوتابخانەیە، باوکم منی گواستەوە بۆ ئەم قوتابخانەیەی کە ئێستا لێی دەخوێنم، (ئارام)یش هەموو رۆژێ کردبوویە عادەت، کە لە قوتابخانە تەواو دەبووم، ئەویش دهاتە دەرەو تا منی نەدیتبایە و تا من نەگەیشـــتبامەوە ماڵەوە نەدەچۆوە. بەمشێوەیە یـــەك دوو مانگ بە دوامەوە بـــوو، ئینجا لە رێگەی کچێکی خزمیانەوە توانیمان بەیەکەوە قسە بکەین، سەرەتاش هەر لەیەکەم قسەکردنەوە گوتی: من دەمێکە شەیدای تۆم و بەدواتەوە. هەموو ئامانجـــم ئەوەیە ببیە خۆشەویســـتم، منیش گوتم بە مەرجێ خۆشەویســـتی دەکەم ئەگەر نیازت پاك بێت، ئەوا پەیوەندیت لەگەڵدا دەبەســـتم ئەگەر نـــا هیچ، ئەویـــش گوتی: ئامانج و مەبەســـتی منیش ئەوەیە تۆ بخوازم. ئـــەوە بوو پەیوەندییەکەمان دروســـتبوو، ئەوجا رۆژبەرۆژیـــش بەهێزتر دەبـــوو. رۆژیش نەبوو دیاری جۆراوجۆرم بـــۆ نەنێرێ. رۆژێکیان بە منی گـــوت وانەیەك مۆڵەت وەربگرە و دایکم دەیەوێ بتبینێ. منیش گوتم بۆچی؟ گوتی: من پێم گوتووە و بەراســـتی رامگەیاندووە پێی کە دەمەوێ بتخوازم، دایکیشـــم پێی گوتوومە باشـــە رۆژێك بیهێنە ماڵـــەوە ئەگەر بە دڵی منیش بوو ئەوە بۆت دەچینە داخوازی. ئەوەیە مەسەلەکە. ئەوە قسەی (ئارام) بوو، کە چووم دایکی لەوێ نەبوو، پێی گوتم دانیشـــە چۆتە ئەم ماڵە دراوسێیەمان ئێستا دەگەڕێتەوە، ئیتر چارەگە سەعاتێك دانیشـــتم و هەر نەهاتەوە، ئینجا هاتە لام و دەســـتی لەسەر دەستم دانا، گوتم: ئەوە چییە؟ گوتی هیچ نییە، ئەی ئێمە یەکتریمان خۆش ناوێت!؟ پاشـــان زیاتر دەستی گوشـــیم و لێم هاتە پێشەوە، بەڵام من هەڵسام، گوتی: چ لە گـــۆڕێ نییە، بۆ واتێکچووی دایکم ئێستا دەگەڕێتەوە، گوتم نەخێر دەڕۆمەوە درەنگم بەســـەرداهات. رۆیشتمە دەرەوە، رۆژی دواتـــر هەندێ بڕوبیانووی هێنایەوە کە دایکی لە ماڵ نەبوو و نازانم چی و چی. هەفتەیەکی دیکـــە خەریکم بوو، کە دووبارە بچمەوە ماڵیان لای دایکی. منیش بڕوام بە قســـەکانی کرد و گوتم ئەگەر ئەوە مەبەســـتی خواستنم بێت با دایکیشی بمناســـێت و رای لەسەر بێت ئینجا بێنـــە خوازبێنیم، کە چوومەوە دیســـان دایکی لەماڵ نەبوو، چەنـــد بڕوبیانوویەکی دیکەی هێنایەوە، ئەمجارەش خـــۆی لێم نزیك کردەوە، دواتریـــش غافڵگیـــری کـــردم و منیش زۆر بەرگریـــم کرد بەڵام دواتر لە پەل و پۆ کەوتم و چیتر توانای بەرگریم نەما و ئەویش ماوەیەك خەریکـــم بوو تا کارەکەی خـــۆی تەواو کرد و چیتر کچ نەمام.

هەموو هەوڵێك بۆ رزگار بوون لەم تەڵەیە

(ئارام) کە گوێی لە ناوەرۆکی شـــکایەتەکەی بوو، سەری سوڕما و گوتی: خودایە ئەو کچە چ تەمسیلیەکی عەجیبی چنیوە و نیشان داوە، لە وەڵامی پرسیارەکانی ئەفسەری لێکۆڵینەوەشدا گوتی، من بە هیچ شـــێوەیەك دەســـتم بۆی نەبـــردووە و بۆ ماوەی ســـاتێکیش بێت چییە نەمبردۆتـــەوە ماڵی خۆمان، بابێ بزانم ماڵمان دەناســـێت؟ ئەوانەی ئەو گوتوویەتی هەمووی درۆ و ناڕاستین و دروستکراون، هیچی راست نیـــن، تەنیا بۆ ماوەیەك ئەویش دوو هەفتە یان زیاتر بوو لەســـەر رێگەی قوتابخانە یەك دوو جار قســـەم لەگەڵ کردووە، بەڵام ئیدی دیارە ئەوە منی بە نێچیرێکـــی قەڵەو زانیوە تاوەکو تووشـــی داوی خۆیم بکات. دوای وەرگرتنی وتەکانـــی (ئارام) رەوانـــەی لای دادوەر کراو ئەویش هەمان شـــتی دووبارە کردەوە، پاشـــان بردرایە زیندان. مانەوەی (ئارام) بە گیراوی و لێکۆڵینەوەش لە کێشەکە درێژەی کێشا و هەر دوولاش لەســـەر گوفتارەکانی خۆیان مانەوە، باوکـــی (ئارام) و خێزانەکەیان تەواو شـــپرزە و ناڕەحەت ببوون بەدەست ئەم کێشەیەوە، هەموو لا لە دروســـتکردنی ئەو کێشـــەیە بۆ (ئارام) ســـەریان ســـوڕمابوو. باوکی (ئارام) هەموو هەوڵێکـــی خۆی دەدا بۆ ئـــەوەی (ئارام) لە بەندیخانە و رزگارکردنی لەو کێشەیە دەستەبەر بکات، دواجار ناچار بـــوو پارێزەرێك بگرێت، هەوڵی زۆریاندا تا بەشێوەیەکی کاتی رزگاری بکەن، بەڵام هیچ دەرەنجامێکی لێنەکەوتەوە. پارێزەرەکەیان پێشـــنیاری ئـــەوەی بۆ باوکی (ئارام) کرد هەوڵبدەن باوکـــی (تریفە) رازی بکەن دەســـت لـــە داواکەیان وشـــکایەتیان لە (ئـــارام) هەڵبگرن، ئەگەرنا هەتا لێکۆڵینەوە و پاشانیش دادگاییکردن تەواو نەبێت و حوکمی کۆتایی لەســـەر کێشـــەکە نەدرێـــت، (ئارام) ناتوانێ لـــە بەندیخانە بێتـــە دەرەوە. ئەوە بوو ئەوان لە مەشورەتی ئەوە دابوون، کە یەکێك لە تەرەفی ماڵی (تریفە) پەیوەندی بە پارێزەرەکە کـــرد کە ئەگەر ئەوان رازیـــن با بێن گفتوگۆ لەسەر مەسەلەکە بکەن. پارێزەرەکە رازی وابوو، کە بەخۆی بە ئیجازەی ماڵی (ئارام) قسەیان لەگەڵدا بکات بەڵکو بگاتە دەرەنجامێك. ئەوە بـــوو ئەوانیش پێیانگوتبوو یا ئەوەتا کچەکەیان بخوازێـــت یانیـــش ئەوەتا بـــڕە پارەیەکی زۆر بـــدەن ئەوجا لە داواکەیان خـــۆش دەبن. دوای گفتوگـــۆی چەند رۆژە و قســـە و باســـی هـــەردوولا لە رێگەی پارێزەرەکەوە، گەیشـــتنە ئەوەی هەردوولا رێککەوتن لەسەر بڕە پارەیەك کە زۆر کەمتـــر لە وەی باوکی (تریفە) داوای کردبـــوو، ماڵی (ئارام) بیاندەنـــێ و ئەوانیش واز لە داواکەیان بێنـــن. ئینجا پاش ئەوەی لە نووسینگەی پارێزەرەکە بڕە پارەکەیان بە نووسین و شـــایەت وەرگـــرت، باوکی (تریفـــە) چووە بنکەی پۆلیس و نووســـراوێکی لێخۆشبوونی دایـــە بنکەی پۆلیـــس و ئەوانیش بردیانە لای دادوەر کە رەزامەندی لەسەر بدات و (ئارام) لە بەندیخانە ئازاد بکات، کە دادوەر نووسراوەکەی خوێندەوە بانگی باوکـــی (تریفە)ی کرد وپێی گوت: تۆ بە ئارەزووی خۆت لێی خۆش دەبی؟ ئەویش گوتـــی: بەڵێ، گوتـــی: دیارە پارەت وەرگرتووە؟ باوکی ئـــارام گوتی: نەخێر هیچم وەرنەگرتووە بەڵام بۆم دەرکەوتوە کە ئەو کەســـە نییە کە دەســـتدرێژی کردۆتە سەر کچەکەم و ئەویش ئێستا دەڵێ من بە هەڵە ناوی ئەو کوڕەم هێناوە بۆ ئەوەی بمخوازێت. دادوەرەکە کەسێکی شـــارەزا و بە ئەزموون بوو، خەندەیەکی کرد و سەرێکی بادا، تەماشایەکی باوکی (تریفە)ی کـــرد و گوتی: بەهەڵە ناوی داوە، ئەی جاری یەکەم چۆن بوو وا رژد بوو، کە هەوە و دەیناسی و ئەو چیرۆکە دوورودرێژەت بۆ خوێندینەوە کە نەشت دەبڕیەوە، ئێستاش دەڵێی هەو نییە، ئەی پێم ناڵێـــی کێیە؟ چاوەڕێـــی وەڵامی باوکی (تریفە)ی نەکرد، ئیمزایەکی لەسەر داواکە کرد و بڕیاری دا (ئارام) ئازاد بکرێت. ئینجا باوکی (تریفـــە) گوتی: بە خودای گەورەم. دادوەرەکە یەکســـەر قســـەکەی پێ بڕی و گوتی: قسە مەکە، کارمان زۆرە، چیت هەیە بڕۆ لە بنکەی پۆلیس بیلێ، نەك لێرە..

هەر هێندەی زانی دەستێک هەندێک پەرە کلینکسی بۆ درێژ کرد و گوتی: فەرموو بەوانە دەموچاوت وشک بکەوە. (ئارام) نەیناسی ئەو دەستە هی کێیە، ئاوڕێکی دایەوە ئەفسەرێکی یەک ئەستێرە لەشانی بینی و داوای لێکرد تا بنکەی پۆلیس بێت و هەندێک پرسیاری لێدەکەن و دەگەڕێتەوە



# چۆن بێ دایک و باوک ژیان

### پرسەیەکی خەمبار و بە کەسەر

بەو بەرە بەری نیوەڕۆیە گەرمەی هاوین خەڵکەکە دوو دوو و سێ سێ لە خانووە هەشت مەترییەکە دەهاتنە دەرەوە و کۆمەڵێکی دیکە دەچوونە ژوورەوە.

چووینە ناو خانووەکە بۆ ئەوەی بزانین ئەو خانووە چی تێدایە و ئەو خەڵکە بۆچی بە خەمباری و سەربادان و ئاخ و ئۆف و کەسەرەوە دێنە دەرەوە! کە پێمان نایە ناو حەوشەکە و بەشێکی زۆری خەڵکی گەڕەك، هەندێکیان بەپێوە و هەندێکیان بە دانیشتنەوە بەدیار تەرمی نیمچە ئاوسا و و ئەستوور بووی (قادر)ەوە بوون، کابرا پێدەچوو، کرێکاری زۆری کردبێت، چونکە هەم قۆڵ و باسکی بە قۆڵ و بە باسکی کەسێکی ئیشکەر دەچوو، هەمیش ناو لەپی هەموو زەبرو داڕووشاو بوون، ئەو سێ منداڵەشی کە لە پاشی بەجێمابوون، هوڕ هۆڕ دەگریان و بەو چاوە پڕ گریان و فرمێسکانەشیانەوە تەماشای خەڵکەکەیان دەکرد و وەك بڵێی لێیان دەپرسین: ئەوە بابیشمان مرد، دایکمان نەمابوو، باوکمان جێگەی بۆ گرتبووینەوە، ئەوە ئەو پشت و پەنایەشمان ڕۆیی و ئێستا ڕوو لە کوێ بکەین و کێ داڵدەمان دەدات.

خەڵکە هەندەی پێنەچوو چوون مامۆستای مزگەوتی گەڕەکەکەیان هێناو، دەستیان کرد و بە دوعا خوێندن و پاشان ناردیان دارەباز بێت و دوای کەمێك دارەباز هات و تەرمەکەیان بردە مزگەوت و شۆردیان، پاشان کەسانی خێرومەند کفنیان هێناو چەند پیاوێکیش چوون قەبر لێدەن، نەگەیشتنە پاش نیوەڕۆ، مەیتەکە بە خاکیش سپێردرا، مایەوە پاشەڕۆژی ئەو سێ منداڵە بێ دایك و باوکە چ لێبکەن.

(قادر) کە سێ منداڵی بچووکی هەبوون، کە گەورەکەیان تازە گەیشتبووە چواردە ساڵی و ناوی (رزگار)بوو، (رزگار) تابڵێی منداڵێکی عاقڵ و هۆشمەند و بە فکر بوو، دەتگوت قەت ئەوە تەمەنی چواردە ساڵ نییە. قسە و بیرکردنەوەی گەلێك جوان و بەجێ و ڕێ بوو، کە دایکیان مرد، (قادر) ی باوکیان دەچووە سەرکار و ئەویش خواردنی بەیانیانی بۆ هەردوو برا بچووکەکەی ئامادە دەکرد و پاش نانخواردن لەگەڵ خۆی دەیبردنە قوتابخانە. لەوێش بەڕێوەبەڕی قوتابخانەکە حانووتی قوتابخانەی پێدابوو، بۆخۆی شتی تێدا بفرۆشێ، لەگەڵ چاودێرێکی قوتابخانە پێکەوە کارەکەیان دەکرد و لەکاتی دەرفەتدا کە لە پۆل دەهاتنە دەرەوە خۆی دەگەیاندە کۆشکەکە و کاروبارەکانی ڕای دەکرد، یانی هەم دەیخوێند و هەمیش هەر لە هەمان قوتابخانەدا لە حانووتەکەی کارێکی دەکرد، ئەوهاشی ڕێکخستبوو بە جۆرێك لە خوێندنەکەی بێبەش نەبێ و کاری پێنەکا.

(رزگار) هەم دەیخوێند و کاریشی دەکرد و ئاگاداری دوو برا بچوکەکەشی بوو.

(رزگار) ئومێدێکی بەوە خۆش ببوو، کە باوکی مابوو، چونکە کە دایکیان مرد، باوکیان بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا جێگەی دایکیشیان بگرێتەوە، دایکیان بە کەسەرێکی گەورەوە مرد، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵ، لە پڕ نەخۆشییەکی کوشندەی لە هەناوی پەیدابوو، پاش هەفتەیەك لەسەردانی پزیشك و خەواندنی



# دەگوزەرێنن؟

لە نەخۆشخانە، بەیانییەکی زوو، بۆ دواجار چاوی لێکنا، (قادر) بە مردنی خێزانەکەی کۆستی کەوت، چونکە نە دڵی دەهات جارێکی تر، لەبەر منداڵەکانی ژن بێنێتەوە، نە دەشیزانی چ لەو منداڵانە بکات، بێ دایك و بێ سەرپەرشتیار مانەوە، تاکە شتێك دڵنیایی پێدەبەخشی (رزگار)ی کوڕە گەورە و ئەو خانووە بچووکە بوو، کە بەهەر دەردەسەرییەك بێت کڕیبووی. (قادر) کە ژنەکەی بەو کتوپڕەییە مرد، هەستی بە کەساسی و تەنیاییەکی زۆر کرد، چونکە بەخۆی نە برایەکی هەبوو، نە خوشکێکیش، ژنەکەشی برایەکی نەخۆش و پەککەوتە و لە جێ کەوتە، لەگەڵ خوشکێکی دێوانەی هەبوو، جار جار دەچوو خزمەتی هەردووکیانی دەکرد و ئاگای لێدەبوون، بەڵام بەوەندە باش بوو، دراوسێکانی (قادر) تا بڵێی کەسانی باش و بەرەحم و بەزەیی بوون. کە ژنەکەی مرد هەر جارەی دراوسێییەکیان، دەچوون جلوبەرگیان دەشووشتن، تا ئەوەی رۆژێك یەکێ لە دراوسێکانیان گوتیان با پارە کۆ بکەینەوە و ئامێرێکی جلشۆریان بۆ بکڕین و (رزگار)یش وردە وردە فێر بکەین چۆنییەتی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنی بزانێ، بەوە پشت بەخۆیان دەبەستن و هەروەها ئێمە دەتوانین لەلایەنی دیکەوە یارمەتیان بدەین، منداڵەکان توانیان بە یارمەتی باوکیان و دڵنەوایی دراوسێکانیان، باشتر بەرگەی بێ دایك مانەوەیان بگرن. باوکیان تەنیا کەسێك بوو کە وەك دیوارێك مابۆوە و پشتیان پێدادابوو، کە باوکیان مرد ئەو دیوارەشیان رووخا.

### چۆنییەتی مردنی قادر

(قادر) کرێکاری کارگەیەکی بەرد شکاندن بوو، بەیانیان زوو دەچووە سەرکار و پاش نیوەڕۆیەکە دەستیان لەکار هەڵدەگرت، دەهاتەوە ماڵەوە. (قادر) و کۆمەڵێك کرێکاری تر بەشێوەیەکی فەرمی لەو کارگەیە وەکو فەرمانبەر دامەزرابوون، رۆژێك پێشینوەڕۆ بوو، خەریکی کارەکەی بوو، وەستا و کرێکارەکانی دی، خەریکی کاری خۆیان بوون، ئەویش خەریکی کاری خۆی بوو، لەو وەختە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی کارگەکە بانگی دەکات، ئەویش کە لەسەر ئامێرەکە دەبێت، پێی دەڵێ وا دێم، بەڵام کارگێڕەکە دووپاتی دەکاتەوە کە کارێکی پێویستی پێیە و هەر ئێستا بێت باشترە، (قادر) کە لەسەر ئامێرەکە دێتە خوارەوە پێیەکی دەخلیسکێ و بەر دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زنجیر و رەوڕەوەی ئامێرەکە و شەت و پەتی دەکا و هەر ئەو دەمی هەتا فریای کوژاندنەوەی ئامێرەکە دەکەون، ئەو دەمرێت و حەیاتی لەبەر دەبڕێت، ئیتر وەستای سەر ئامێرەکە و بەڕێوەبەری کارگێڕی و یەك دوو کرێکار و وەستای تریش بۆ لێکۆڵینەوە بۆ ماوەی یەك دوو کاتژمێر لە بنکەی پۆلیس رادەگیرێن، دواتر کە دەزاندرێ رووداوکە بە ئەنقەست نەبووە و کەسیش بە هەڵە نەیخزاندۆتە ناو ئامێرەکەوە، ئازاد دەکرێت.

### پاش رووداوەکە

کە رووداوکە روودەدات، پاشان بەڕێوەبەری کارگێڕی و بەڕێوەبەری راستەوخۆی کارگە، دەچنە لای منداڵەکانی (قادر) و تەماشای ماڵیان دەکەن و ئەو پێداویستیانەی کەوەك هەر ماڵێك پێویستیان پێیەتی دەینووسن و پاشان لەسەر حسابی کارگە دەیکڕن و بڕێکی پارەی باشیش وەك قەرەبوو کردنەوەو دواتر موچەیەکی مانگانەش بۆ منداڵەکانیان دەبڕنەوە و، لەیەکێك لە بانکەکانیان بۆیان دایدەنێن و (رزگار) تێدەگەیەنن کە چۆن و لە چیدا ئەو پارەیە راکێشن و مانگانە چەندی خەرج بکەن و بەردەوام بن لە خوێندن و کاری تر نەکەن، چونکە ئیتر پێویستیان بەپارە نییە بچن ئیش بکەن.

لە رووی مادییەوە ژیانی منداڵەکان دابین کرا، بەڵام ئەی لە رووی سۆز و خۆشەویستی باوکایەتییەوە ئاخۆ منداڵ تەنیا پێویستی بە پاروە نانێکە بیخوا و بژی؟ ئایا منداڵێك کە شەو دەخەوێت پێویستی بەوە نییە کەسێك هەبێ سۆزی دایکایەتی یان باوکایەتی پێبدا؟ لێرەدا ئەرکی (رزگار) زۆر گران و باری زۆر قورسە، بۆیە نازانین ئاخۆ هەتا سەر هەتا ئەو دوو برا هەتیوەی گەورە دەکات، بێ کێشە دەبن، تا سەر دەتوانێ ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێ، کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارێتی ئەو نییە؟ ئەوە رۆژگار وەڵامیمان دەداتەوە.

**ئایا (رزگار) هەتا سەر دەتوانێ دوو برا هەتیوەکەی گەورە بکات، تا سەر دەتوانێ بێ کێشە ئەو بەرپرسیارییەتییە هەڵبگرێ کە لە بنەڕەتدا بەرپرسیارییەتی ئەو نییە؟**



لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# (هەردی) لە چاوەڕوانی حوکمی دادگادا

تا: باوکی میدیا

کۆمەڵایەتی

گوڵان
ژمارە (٧٥٣)
٢٠٠٩/١٠/١٩

## بۆ چەندەمین جار بووە کەفیلی کوڕەکەی

(ڕەئـوف) لەگـەڵ دوو کـەس لـە شکایەتکاران لەبەردەم دادوەر ڕاوەستابوون و چـاوەڕێ بوون ئەم کێشـەیەش وەکو کێشـەکانی تری کـوڕە تاقانەکەی، تا کێشـەکە دەبرێتـە دادگای تایبەتی بۆ ماوەیەکـی کاتی دەرفەتێـك وەربگرێ و شـکایەتکارەکان داوا لە دادگا بکەن کە خەریکی پێکهاتن و ئاشـتەوای ببن، دەرفەتێکیش بـە کوڕەکەی بدرێ بەڵکو بـواری ئازادکردنی بەدەسـتەبەری بۆ مەیسەر بکرێ.

شـکایەتکاران بەدادوەریـان گوت: ئێمە داوای مۆڵەتێك دەکەین کە ڕەنگە لەگەڵ کەسوکاری (هەردی) ی کوڕی (ڕەئوف) کە پارەیەکی زۆری لێوەرگرتینە، پێکبێین، تەماشاکردنی داواکە ئەمڕۆکە دوا بخرێ بۆ دوو هەفتەی تـر، ئەوەبوو مۆڵەتیان پێدرا، قەرزی ئەم دوو شکایەتکارە لەسەر (هەردی) دەفتەرێك دۆلاربوو، پێدەچوو باوکی (هەردی) چارەسەرێکی دیتبێتەوە کە وابکات ئەم دوو شـکایەتکارە جارێ واز لە شکایەتەکەیان بێنن. ئینجا دادوەر دۆسـییەکەی ڕەوانەی لای لێکۆڵەری دادگا کرد بۆ ئەوەی ڕێککاری پێویست بگرێتەبەر سـەبارەت بەم کێشـەیە، بۆ ئـەوەی زیاتر بچنە بنـج و بنەوانی ئەم کێشەیە چووینە لای لێکۆلەرە دادییەکە و پرسـیاری کێشەی ئەو پیاوەمان لێکرد کە بەلامانەوە کێشـەیەکی سەرنجراکێش بـوو، پێدەچوو باوکی ئـەو کوڕەی کە ناوی (هـەردی) یە بەدەسـت ڕەفتارە دزێوەکانی کوڕەکەی گیری خورادبێت و تووشی داوی خۆی هاتبێت. لێکۆڵەرەکە بە وردی و بە درێژی کێشەی (هەردی) بۆ باسـکردین و گوتی: مام (ڕەئوف) وەکـو خـۆی بـە درێژی بـۆی باس کردوین بـەم دواییە گیرۆدەی کارە هەڵە و ناشایسـتەکانی کوڕەکـەی بۆتەوە، ئـەم پیاوە سـێ کچ و هەر ئـەو تاقە کوڕەی هەیە، بۆخۆی پێشتر کابرایەکی دەوڵەمەنـد و بازرگان بـووە، لە جیاتی خانوویەك سـێ خانوو ودوو پارچە زەوی و دوکانێك و دوو ئۆتۆمبیلیشی هەبووە، کوڕەکەی تا ئێسـتا پێنج کێشەی هەیە، ئەوە (٧) مانگە گیراوە، کێشەکانی تری هەمووی لابەلا بوونەتەوە ئەم کێشەیەی

نەبێ کە جاریٚ لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە ئەگەر پێکبێن لەوانەیە دادوەر پێکهاتنەکەیان قبوڵ بکات و داواکە دوا بخات. ئەگەر پێکیش نەیەن ئەوە کێشەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت، ئەم کوڕەی ئەندازیاری بیناسازی بوو، کاروکاسبییەکی باشی هەبووە، خاوەن نووسینگەی ئەندازیاریش بوو، پارەیەکی باشی لەکارەکەی دەست دەکەوت و بارە داراییەکەی تا بڵێی باش بوو، ئەویش خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبێل بوو، بەڵام ئەم دوو ساڵەی دوایی کەوتە ناو قەرز و قۆڵەوە، هەروەها پارەی لە زۆر کەس وەرگرتبوو لە بەرامبەردا ئیشیان بۆ بکات و کار رایی ئەندازیاری وسەرپەرشتیاری و کاری بەڵێندەرایەتیان بۆ بکات، کەچی هیچ بەڵێنێکی بۆ جێبەجێ نەدەکردن. لەبەر ئەمە لەگەڵ هەندێکیان دووچاری دەمەقاڵێ و مشتومڕ دەبوون و یەك دوو جاریش یەخەگیری یەکتریش بوونە. سەیر لەوە دایە لە کارەکەی خۆیدا کابرایەکی زۆر شارەزا و لێهاتوو بووە، خەڵکیش متمانەیان پێکردووە، کەچی بەم دواییە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆریان درۆی کردووە و پارەیانی خواردووە، کۆی هەموو قەرزەکانی خۆی لە (٣٠ تا ٣٥) دەفتەر داوە، بێ ئەوەی کەسێك بزانێ کەچی لەو پارانە کردووە، باوکی لە پێش ئێمە بە (هەردی) کوڕی دەگوت: کوڕم دەمەوێ هەر ئەوەندە بزانم کە تۆ ئەو برە پارە زۆرەت لە چیدا خەرج کردووە، نە باڵاخانەیەکت کڕیوە، نە ژنێکی ترت هێناوە، کەچی کوڕەکەی تورە دەبوو دەیگوت ئەگەر لەم وەزعەم دەرناهێنی سووکایەتیشم پێمەکە، وەزعێکە و تێیکەوتوومە، تازە بڕایەوە. ئینجا هەندێ لە پارەکانیان بە فرۆشتنی خانوو و زەوی و دوکان و ئۆتۆمبێلەکان داوەتەوە، هەندێکیشیان کردۆتە قیست و مانگانە بڕە پارەیەکیان بۆ دیاریکردوون و دەیدەنەوە. بارودۆخی مام (ڕەئوف)ی باوکی (هەردی) زۆر گران و سەخت بوو، ئەو لەو هەموو سامانەی کە هەیبووە تەنیا یەك خانووی ماوەتەوە ئەویش خێزان و منداڵەکانی خۆی و خێزان و منداڵەکانی (هەردی) کوڕی تێدا نیشتەجێ بوونە، کابرا سەیری بەوە دێ ولەوە داخبارە کە کوڕەکەی وەك دەڵێن هێناویەتییە سەر ساجی عەلی

و نابووتی کردووە، کەچی پێی ناڵێ چۆن وبە چ تووشی ئەم هەموو قەرز و قۆڵە بووە و ئەوەندە پارەیەی خەڵکی خواردووە، تەنانەت خێزانەکەشی نازانێ چۆن چۆنی مێردەکەی کەوتۆتە ئەم دۆخەوە، ئێمەش کە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵیدا کردووە نەمانزانی ئەو پارانەی بۆ وەرگرتووە و لەچیدا خەرجی کردوون؟ ئەوەندە نەبێ دەڵێ زەرەرم کردووە، ئێ باشە کابرا لە چیت زەرەر کردووە؟ وەڵڵا لە بازرگانێتی، باشە بازرگانێتیت بەچی کردووە؟ چ جۆرە بازرگانییەکت کردوە، بۆچی بەپارەی خەڵك بازرگانی دەکەی و بۆ بە ڕاستگۆییەوە بە خاوەن پارەکانت نەدەگوت و بۆ بەڕاستگۆییەوە بەدادگا ناڵێیت؟ کەچی ئەو هیچ وەڵامێکی ڕاستەقینەی پێ نەبووە و نەگوتووینە، بەڕاستی کێشەکەی سەیرە، تا ئێستا من نەگەیشتوومەتە هۆیەکی ڕاستەقینە و ڕاستییەکی قەناعەت پێکەر کە ئەم کابرایە، نە بازرگانی کردبێ و نە ژنێکی تری هێنابێ و نە موڵکێك یا شتێکی گەورەی کڕیبێ. بۆیە دادگاش لە کاتی سەیرکردنی کێشەکە و وتەکانی گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ساختەکاری کردووە و قسەکانی جێگەی متمانە نین. هەر لەبەر ئەوەشە لە زۆربەی کێشەکاندا ئەگەرچی پێکهاتنیش کراوە بەڵام دادگا یەکی دوو سێ مانگی لەسەر بەند کردووە، هەر چەندە هەر ئەو کێشەیەی ماوە ئەگەر سوڵحەکە بکەن و پارەی شکایەتکارەکان بدەنەوە ڕەنگە هیچ کێشەیەکی نەمێنێ و هەر ئەم مانگە ئازاد بکرێت. بەڵام ئەگەر بە خۆشی کۆتایی پێنەیەت ئەوە هەر لە زینداندا دەمێنێتەوە تاوەکو لە دادگای تیابەتمەند چارەنووسی دیاری دەکرێت. ئەوجا یان بە پێ بژاردن یان بە زیندانیکردن ئازاد دەکرێت، پێموابێ باوکی بەتەواوەتی نابووت بووە و پارەی نییە بیداتەوە، ئەم شکایەتکارانە بۆیە داوای مۆڵەتێکی لێکردوون بۆ ئەوەی بزانێ هەوڵبدات لە یەکێکی قەرز بکات. مام (ڕەئوف) بەرامبەر بەم کوڕی زۆر باش بوو، چونکە لەبەر ئەوەی کوڕەکەی تاقانە بووە و زۆری ناز پێداوە بۆیە کە ژنی بۆ هێناوە، خانووی بۆ کڕیوە و ئۆتۆمبێلی داوەتێ و ژیانێکی باشیشی بۆ دەستەبەر

کردووە جگە لەوەی بەخۆشی ئیشی باشی هەبووە، بەڵام ئێستا وەزعەکەی باش نییە، پێش دوو سێ مانگان هەر لەم دادگایە دوان لە خاوەن قەرزەکان یەخەی مام (ڕەئوف)یان گرتبوو، ببوە دەمەقاڵێ و ناخۆشیان و تەنانەت ببووە شەڕیشیان و لە یەکیان دابوو، لەسەر ئەوە مام (ڕەئوف) هاتبوو شکایەتیانی لێکردبوون و یەك دوو سێ ڕۆژ بەندکرابوون، تا مام (ڕەئوف) لێیان خۆش نەبوو بوو، دادوەر ئازادی نەکردبوون. ئیتر بەمجۆرە وازیان لە ململانێ هێنابوو، بەڵام وازیان لە پارەکەیان نەهێنابوو، بۆیە مام (ڕەئوف)یش بەهەر جۆرێك بووبێ پارەکەی بۆ پەیداکردبوون و وازیان هێنابوو. مام (ڕەئوف) بەڕاستی باوکێکی جگەرسۆز و دڵ گەورەیە، ئەگەرنا هەر باوکێکی دیکە بێت چ مەجبورە کوڕەکەی ئەم قەرز و قۆڵە لەسەر خۆی بکاتە ماڵ و باوکیشی بیداتەوە بەهۆیەوە نابووت و هەژار بکەوێت و نەشزانێ هۆکاری ئەم هەموو کێشەیەی چی بێت. لێکۆڵەرەوەکە بەردەوام بوو و گوتی: لە یەکێ لە لێکۆڵینەوەکان بە مام (ڕەئوف)م گوت: باشە تۆ بۆخۆت وا دێنیە سەر سفر و هەموو ماڵ و موڵکی خۆتی بۆ دەفرۆشی، بۆ لێناگەڕێی لە زینداندا بمێنێتەوە. تەمبێ خواردو بکرێت و باجی هەڵەکانی خۆی بداتەوە و بزانێ کە خواردنی پارە و پول خەڵکی و مافی کەسانی دیکە وەها ئاسان نییە، با سزاکەی خۆی وەربگرێت. کەچی مام (ڕەئوف) بەخەمبارییەوە دەیگوت: کوڕەکەم قسەکەت ڕاستە، بەڵام هەر ئەو تاقە کوڕەم هەیە و جەرگمە، دڵم بەرایی نادات بەمشێوەیە لەم وەزعەیەدا وازی لێبهێنم ئەو هەڵەیەکی کرد و سەد سوێند و و قورئانیشی خواردووە، جارێکی تر ببڕای ببڕ شتی وا دووبارە نەکاتەوە و و بەڵێنی داوە کەوا هەموو ئەو زەرەر و زیانەم بۆ قەرەبوو بکاتەوە، من ئەگەر قەرەبووی بکاتەوە یان نە، کێشە نییە لام، بەڵام پێمخۆش نییە لەم وەزعەی بەجێ بهێڵم و ماڵ و منداڵیشی ڕەزیل بن و بکەونە دەرکان، ئەوەیە هۆیەکە. هەندێ حاڵەت هەیە مرۆڤ ناچار دەبێ پێ لە جەرگی خۆی بنێ و بەرگەی زیانەکانی بگرێ.

ئەم پیاوە سێ کچ و ئەو کوڕە تاقانەیەی هەیە، پێشتر دەوڵەمەند و بازرگان بووە، موڵك و سامانێکی زۆری هەبووە، کوڕەکەی تا ئێستا کێشەی لە دادگا هەیە و (٧) مانگە گیراوە

# ئەقڵ لە دەس

ئا: خەندە گۆران



**●دکتۆرەکان گوتیان : تەنیا چارەسەری دیتن و قسەکردنە لەگەڵ (ژینۆ)ی خۆشەویستی، بەڵام براکەم رازی نەبوو گوتی: گەر (هێمن) بشمرێ جارێکی دیکە رێگە نادەم چاوی بە چاوی (ژینۆ) بکەوێ.**

(ژینۆ)کچێکی ژیکەڵەی باڵا بەرزی چاولاکاڵ بوو تەمەنی ١٨ ساڵان دەبوو ،قوتابی شەشەمی ئامادەیی بوو کاتێك دڵی دەچێتە دڵی (هێمن)ی ئامۆزای ئەویش قوتابی دەبێت پەیوەندییەکی خۆشەویستی قووڵ لە نێوانیان دروست دەبێت، بەرنامە بۆ ژیانێکی بەختەوەر دادەرێژن و رێك دەکەون لە دوای تەواوکردنی خوێندن ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەن و بچنە نێو ژیانێکی هاوبەشەوە بەڵام بەداخەوە ئەو بیرکردنەوە تەسك و بەسەرچووانەی کە تا ئێستا بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی پێوەی دەناڵێنێ زۆر جار دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەم پەیوەندییە، دیارە چیرۆکەکەش هەر بەوەندە کۆتایی نایە زۆرجار رووداو و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

پاش ئەوەی باوك و برای (ژینۆ) بەم پەیوەندیەی نێوان(هێمن و ژینۆ) دەزانن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ (ژینۆ) دەگۆڕێت بەتایبەت براکەی رۆژانە کۆت و بەندی تازە دەخاتە بەردەمی، کە(هێمن) بەو حاڵە دەزانێت لای خانەوادەکەی باسی ئەم پەیوەندییەی خۆیان دەکات و داواشیان لێ دەکات بەزووترین کات بچن بۆی داخوازیکردن،بۆیە شەوێك دایك و باوکی (هێمن) بەرەو ماڵی (ئەحمەدی) مامی بۆ خوازبێنی (ژینۆ) دەچن پاش بەخێرهاتن و چاکو چۆنی و چا خواردنەوە، باوکی (هێمن) داخوازی (ژینۆ) بۆ هێمنی کوڕی دەکات ، باوك و برای (ژینۆ) بە باوکی (هێمن) دەڵێن دەبێ مۆڵەتمان بدەیێ تا رای (ژینۆ) وەربگرین و ئینجا وەڵامتان دەدەینەوە، چەند رۆژێك بەسەر ئەو داواکارییە تێدەپەڕێ (محەمەد) هیچ وەڵامێك لە ماڵی براکەی نابیستێ و لە دڵی خۆشیان دەڵێن خۆخوانەخواستە داواکەشمان رەتناکەنەوە، بۆیە باوکی (هێمن) ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ و دووبارە بۆ وەرگرتنی قسەیەك دەچێتەوە ماڵی براکەی، بەڵام وەڵامێکی ناخۆشی لە دەست دەنێن ئەویش بە دڵێکی ساردەوە دەگەڕێتەوە ماڵێ و ئەم هەواڵە ناخۆشەبە(هێمن) رادەگەیەنێ، (هێمن) ئومێد بڕوانابێ بۆ رۆژی دواتر چەندین پیاوی بە ساڵا چوو لە خزم و کەسانی لەگەڵ خۆی دەبات و بۆ جاری سێیەم بەرەو ماڵی مامی دەکەوێتە رێ، بەڵام بەداخەوە دیارە پێش ئەوەی ئەوان بچن براوباوکی (ژینۆ)، کچەکەیان بانگ دەکەن و هەڕەشەی لێ دەکەن کە دەبێت لە نێوان هەمووو میوانەکاندا بڵێت من شووبە(هێمن) ناکەم، هەر ئەمەش روویدا لە کاتی خستنەڕووی مەسەلەکە لەلایەن میوانەکان، باوك و براکەی دەڵێن ئێمە ئێستا لەو مەوزوعە دەرچووینە و ئەمە پەیوەندی بە(ژینۆ)وە هەیە ئەو خاوەن بڕیارە،(ژینۆ)ی بەسەزمان و بێ دەسەڵاتیش کە نەدەوێرا وتەیەك لە دەمی بێتە دەرەوە بە چاوی پڕ فرمێسك ناچاردەبێت لە ژێر فشار و چاو لێ سوورکردنەوە لە نێو میوانەکان بڵێت من شوو بە (هێمن) ناکەم هێمن وەکو برام وایە، هەر کە (هێمن) گوێی لەم قسانە دەبێت دنیایی لەبەرچاو تاریك دەبێت و مێشکی لەسەرخۆ نامینێ تووشی هێدمەی دەروونی دەبێ، چەندین دکتۆری پێ دەکەن بەڵام سوودی نابێت و رۆژ لە دوای رۆژ باری تەندروستی خراپتر دەبێ، باوکی دەڵێت: رۆژێك لەبەر ئەو لە شار دەرچووم بۆ ئەوەی کەمێك بیگەڕێنم، لە رێگای گەڕانەوەماندا

# ...ستدانی دوو عاشق!!

هەستم کرد باری دەروونی زۆر خراپە و لەبەرخۆیەوە پێ دەکەنی و قسەی دەکرد، ئەوەبوو لە ناکاو لە کاتی لێخوڕینم برێکی ئۆتۆمبێلەکەی راکێشا و ئۆتۆمبێلەکەم یەك دووجار لە شوێنی خۆیدا سوڕا، خودا رەحمی کرد وەرنەگەڕا، باوکی (هێمن) بەردەوام بوو و گوتی:

خەڵکی ناوی هەر دکتۆرێکیان بە باشە هێنابا من دەمبرد بۆ لای بەڵام بەداخەوە سوودی نەبوو، کاروکاسبیم بۆ دەرزی و دەرمان کڕین بوو، خواردن و خواردنەوەم لێ حەرام ببوو، ناونیشانی دکتۆرێکم لە دەرەوەی کوردستان وەرگرتوو بە قەرزاری بردم بۆ لای، ئەم دکتۆرە دکتۆری مێشك بوو دوای پشکنین و تیشك گرتن دەرکەوت بەهۆی کاریگەری ئەم خەمە مێشکی ئازاری پێکەوتووە، دکتۆرەکان گوتیان: ئێمە دەرزی و دەرمانی بۆ دادەنێین بەڵام تەنیا ئەوە نابێتە هۆی چارەسەرکردنی، چارەسەری ئەم نەخۆشیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کچەی کە خۆشی ویستووە دەبێت هەرچی نەبێ ئەم کچە پەیوەندی پێوە بکاتەوە چونکە دوا چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکەی، دیارە باری تەندروستی (ژینۆ)ش لە هی (هێمن) باشتر نەبوو، ئەویش تووشی نەخۆشی ببوو لەگەڵ ئەوەش ئەو باوکە بێ بەزەییەی نەی برد بۆ لای دکتۆریش، باوکی (هێمن) دەڵێت: ناچار بووم لەگەڵ برا گەورەکەم سەردانی ماڵی ئەم برایە بکەم و باسی نەخۆشییەکەی (هێمن) ی بۆ بکەم و پێ رابگەینم کە چارەسەر لە دەستی خودایە ئینجا لە دەست(ژینۆ)، کەوتمە تکا و پاڕانەوە لێی بۆ ئەوەی رێگە بە(ژینۆ) بدات کە قسە لەگەڵ (هێمن) بکات، بەڵام ئەو زۆر بە تووڕەیی وەڵامی دامەوە و پێی گوتم: من بە هیچ جۆرێ رێگە نادەم(ژینۆ) جارێکی دیکە چاوی بە چاوی (هێمن) بکەوێت، برا گەورەکەم قسەی لەگەڵدا کردوو، ئەویش گوتی:

لەگەڵ خۆتی بەرە بەڵام بە مەرجێ جارێکی دیکە چاو بە چاوی نەکەوێتەوە من وای دادەنێم کە ڕەدووکەوتووە، بەوەش نەوەستا و لەبەرچاوی ئێمە هێرشی کردە سەر (ژینۆ) و زۆری لێدا، ئەگەر ئێمە نەمانگرتبا دوورنەبوو بشی کوژێت، بۆیە برا گەورەکەم لەگەڵ خۆی بردی بۆ ماڵی خۆیان و لەوێش بردی بۆ لای دکتۆر و دوای کەمێك باشتربوون پەیوەندی بە (هێمن) ەوە کرد ، ئەوەبوو دوای ئەو دیتنە باری دەروونی (هێمن) کەمێك بەرەو باشتر چوو .

بۆچی ئەوان هەڵسووکەوتیان لەگەڵتان بەمجۆرە بوو، خۆ زۆرجار ئامۆزا بە زەبر و لوولەی دەمانچە دەبێ شوو بە ئامۆزاکەی بکات لەگەڵ ئەوەش ئەگەر دڵی بۆی نەچێتیش، دەڵێن نابێ کچەکەمان بۆ خەڵك بێ دەبێ هەر شوو بە ئامۆزاکەی بکات کەچی ئەمجارە مەسەلەکە پێچەوانە بۆوە؟

- بەڕای من هەر کە کچ و کوڕ یەکتریان بە دڵ بوو ئەگەر خزم بوون یان بێگانە نابێ هیچ بەر بەستێکیان لەبەردەم دروست بکرێت بەڵام بەداخەوە هێشتا ئافرەتی ئێمە پابەندی چەندین گرفت کۆت و بەندو پاشماوەی ئەو رێباز و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆن و دواکەوتووانەن کە وای لێ کردوون دووربن لە کارکردن و ،سەربەستی و بەدی هێنانی ئازادی و کەسایەتی خۆیان،

# لەوڵاتانی ئیسکەندەنافیا ژنان نیوەی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنن

## پەیڕەوکردنی سیستمی (کۆتا) لەدانانی ژمارەی ژنان لەپەرلەمانی کوردستاندا



پرسی پشـــكداری ژنان لەژیانی سیاسی و بوارە جیاجیاكانی دیكەی ژیاندا نەك هەر لای خۆمان و كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەكانی دیكـــەدا مایەی مقۆمقۆ و باســـە، بەڵكو لەرۆژئاوا و كۆمەڵگە پێشكەوتووەكانیشـــدا جێگەی گەنگەشـــە و گفتوگۆیە، چونكە هێشـــتا لەهیچ پنتێكی دنیـــادا بەمانای یەكسانی تەواو ژنان هاوشێوەی پیاوان مافی بەشداری سیاســـی و كاركردن و پشكداری لەبزاڤـــی كۆمەڵایەتی و ئابـــووری و...تد پێنـــەدراوە و پیاوان وەك (نیوەی كۆمەڵگە) حیســـابیان بۆ نەكـــردوون، ئەوەتـــا بەپێی ئامارێكی نەتەوەیەكگرتووەكان ڕێژەی جیهانی ژنان لەپەرلەماندا تەنیا ٪١٥،٢ ە، زۆرترین ئەو ڕێژەیەش لەوڵاتانی ئیســـكەندەنافیایە، كە دەگاتـــە ٪٣٩،٧ لەئەمەریكاش دەكاتە ٪٣٠،٦ و لەئاسیاش ٪١٥،٤، بەڵام كەمترین ڕێژەی بەشداری ژنان لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی تۆماركراوە، كە تەنیا ٪٥،٦ە.

كاتێك باس لەبابەتی بەشـــداری سیاسی ژنان دەكەین پێویســـتە بـــەوردی جیاكاری لەنێـــوان دوو حاڵەتدا بكەین ئەویش حزوری ژنان لەشـــوێنی كاركردندا لەگەڵ حزوریان لەپەرلەمـــان و حكومـــەت و ناوەندەكانـــی سیاسیدا، واتە جیاكاریكردن لەنێوان ئافرەت وەك كاركەرێك لەگەڵ وەزیر و پەرلەمانتار، چونكە ئەمـــڕۆ زۆرینـــەی كۆمەڵگاكان بەشێوەیەك لەشـــێوەكان ڕێگەی كاركردنیان بەئافرەتداوە، بەڵام ئایـــا تاچەند قەبووڵیانە ژنـــان وەك پەرلەمانتار و وەزیر و ســـەرۆك حزب یان حكومەت ببینن؟ لەكوردســـتاندا كەم نیـــن ژمارەی ئەو ئافرەتانیە فەرمانبەر یان مامۆســـتا و ســـەرۆكی فەرمانگە و پارێـــزەر و ڕۆژنامەنووســـن یـــان لەكەرتی تایبەتـــدا كاردەكەن، بەڵام ئایا پشـــكداریان لەژیانی سیاســـی و كاریگەریـــان لەبڕیارە گرنگەكاندا وەك پێویستە؟ ئایا هاوتای ڕێژە و توانایانە؟

ئەمڕۆ وڵاتانی جیهان ســـێ ئالیەت یان میكانیزمیـــان لەبەردەســـتدایە تا بەهۆیەوە ئافرەتـــان بخزێننـــە نێو شـــوێنی بڕیاردان و بەشـــداریان لەژیانی سیاســـیدا پێبكەن، ئەوانیش بریتین لە:

**یەكەم:** پەیڕەوكردنی سیســـتمی (كۆتا) لەدانانـــی ژمارەی ژنـــان لەپەرلەماندا بێ حیســـاب كـــردن بەڕێژەی ئـــەو دەنگانەی لەهەڵبژاردندا دەیهێنن.

**دووەم:** دانانی ژمارەیەكی بەرچاوی ژنان لەپۆستە ئیداری و وزاریەكاندا تا كۆمەڵگە لەسەر بەرپرســـیاریەتی ئەوان رابهێندرێت و ئەوانیش توانای خۆیان بخەنەڕوو.

**ســـێیەم:** هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕوانگەی كۆمەڵگـــە ســـەبارەت بەئیمكانیـــەت و توانای ئافرەتـــان لەكاركردنـــدا، بێگومان ئەوەش پێوســـیتی بەبەرپاكردنی شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی هەیە و كاتی زۆری گەرەكە.

لەراســـتیدا ڕۆڵی ئافرەتان لەكۆمەڵگەدا و ڕادەی موســـاهەمەكردنیان لەبونیادنان و بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگەكەیان بەندە بەرادەی قەبوڵكردنی ئافرەت وەك كائینێكی سروشتی و كاملـــی دوور لەجیـــاكاری، ئەوروپییەكان هەر زوو پەیـــان بەو حەقیقەتـــە برد، بۆیە لەوێـــوە، لەكۆمەڵ دەســـتیان پێكرد، پلان و بەرنامەڕێژیان بـــۆ ئەوە كرد تاك و كۆمەڵ لەسەر یەكســـانی و ڕەتكردنەوەی جیاكاریی رابهێنن، بۆ ئەمەش بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپاكردنـــی كولتووری یەكســـانی ڕێگا و یاســـای گونجاویشـــیان كۆنفێـــرم كرد، (لیسی گرۆنەر) ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا و ســـەرۆكی لیژنـــەی مافـــی ئافرەتان و یەكســـانی ژەندەری دەڵێت: ئێســـتا ڕێژەی خانمە پەرلەمانتارە لەپەرلەمانی ئەوروپا لە ٪٣٠ زیاترە. ئەو ڕێژەیە لەپەرلەمانی هەندێك وڵاتی ئەنـــدام لەیەكێتـــی ئەوروپا، خۆی لەنیوە دەدات، هەروەها باس لەوەش دەكات كە بوونی میساقێكی ئەوروپی دەربارەی مافە ئەساسییەكان لەنێویشیاندا مافی یەكسانی ژەندەری خزمەتێكی گەورەی بەپشـــكداری ژنان لەژیانی گشـــتی و ژیانی سیاســـیدا كردووە.

ئەمەریكا و ئیسپانیا خودان تەجرەبەیەكی سەركەوتوون لەگەیاندنی ئافرەتان بۆ پۆستە حكومییـــە بـــاڵاكان، ئەوەتـــا لەئەمەریكا (هیلاری كلینتۆن) و ســـیناتۆر و حاكمی ولایەتی ئەلاسكا (سارا پۆلین) دوو نموونەی دیاری حوكمڕانی سەركەوتوون، لەئیسپانیاش لەگەڵ گەیشـــتنی پارتی سۆشیالیســـتی چەپڕەو بەدەسەڵات ئێستا نیوەی وەزیرەكانی كابینەی ئەو حكومەتـــە ئافرەتن بەوەزیری بەرگرییشەوە، ســـەبارەت بەڕێژەی حزوری ژنانیش لەپەرلەمانی سوید بەپلەی یەكەم و فینلەنداش بەپلەی دووەم دێت. لەسوێد ژنان نیوەی كورســـییەكانی پەرلەمان پێكدەهێنن لەفنلەنداش ڕێژەیان دەگاتە ٪٤٤.

وڵاتی سوێد بەشاهێدی وڵاتانی دیكەی ئەوروپا نموونەیەكی یەكجار جوانی یەكسانی ژێندەری و بەشـــداری چالاكانـــەی ژنانە لەبڕیاردان و ژیانی سیاســـیدا، سوێدییەكان هەر لەخۆڕا و بێ پلاندانان نەگەیشتوونەتە ئەو پێشـــكەوتنە سیاســـی و كۆمەڵایەتییە گەورەیە، بەڵكو بەپێـــی هەوڵ و تەقەڵلا ە میكانیزمێكی گونجاو توانیان ژنانی خۆیان بگەیەننە دەسەڵات، كە دەكرێ لەم خاڵانەی خوارەوە كورتی بكەینەوە:

- هاوبەشـــی چالاكانـــەی نێـــوان ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و حزبە سیاسییەكان لەبواری داكۆكیكـــردن لەمافەكانی ژنان و یەكسانی ژێندەریدا.
- ســـەربەخۆیی ئابـــووری ئافرەتـــان هەنگاوێكـــی گرنگـــی بەشـــداریكردنە لەژیانی سیاســـیدا و قودرەتـــی بڕیاردانیان پێدەبەخشێ.
- جیانەكردنەوەی پرســـی ژنان لەكێشە و ئاریشەكانی كۆمەڵ و پشتگوێ نەختنی.
- داڕشـــتنی بەرنامەیەكـــی پەروەردەیی تۆكمـــە، كە هـــەر لەدایانگـــە و خوێندنی ســـەرەتاییەوە تا خوێندنی بـــاڵا بگرێتەوە، تێیدا تۆوی یەكسانی ڕەگەزی و كولتووری یەكسانی لەنێو هاووڵاتیان بچێنێ.
- گۆڕینی پەیـــڕەو و پرۆگرامی پارتە سیاسییەكان بەشـــێوەیەك ڕێگە لەگەیشتنی ژنان بـــۆ بیرۆی سیاســـی و پلـــە حزبیە گرنگەكان خۆش بكات.
- ســـەربەخۆبوونی ڕێكخراوەكانی ژنان و رزگاركردنیان لەوابەستەیی و پاشكۆیەتی.

هەرێمـــی كوردســـتان لەهەڵبژاردنەكانی ٢٥ی تەممووزی ڕابردوودا بەپێی یاسا لەسەر هەر لیســـت و قەوارەیەكی سیاسی فەرزكرا كە ڕێـــژەی ٪٣٠ی پاڵێوراوانیان لەئافرەتان بن، بێگومان لەكابینەی حكومەتیشدا ژنان پشكیان دەبێ، ئێســـتا بەهۆی ئەم بڕیارەوە ڕێـــژەی پەرلەمانتـــارە ژنەكانی پەرلەمانی كوردســـتان نزیكـــەی ٪٣٣ بێگومان ئەمە خاڵێكی ئیجابی و پێشكەوتووە، بەڵام بۆئەوەی ژنان بەشـــداری چـــالاك و كاریگەریتریان لەژیانی سیاســـیدا هەبێ و بگەنە شوێنی بڕیار و لەنێو پارتە سیاسییەكانیشـــدا پلەی حزبی بەرز وەربگرن، هێشتا ئێمە لەسەرەتای ڕێگاكە داین و پێویســـتیمان بەكاری زیاترە و دەبێ ســـوود لەتەجرەبـــەی وڵاتێكی وەك سوێد و فینلەندا وەربگرین، بەڵام ئایا چۆن و بـــەچ پلان و میكانیزمێـــك دەگەینە ئەو ئامانجە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرســـیارە و چەندانـــی دیكە، هەفتەنامـــەی (گوڵان) چەند كەسێكی شارەزای لەو بوارەدا هێناوەتە قسەكردن.

**مێژووی مرۆڤایەتیش پڕیەتی لەنموونەی ژنە سەركردە سەركەوتووەكان، لەوانە (بەلقیس)ی حوكمڕانی (سەبا) و ژنانی سەردەمی بابلی و سۆمەرییەكان**

**ئەگەر ئافرەتانی ئێمە لەرووی ماددییەوەش سەربەخۆبن ئەوە نابێتە هۆی هەستكردن بەسەربەخۆیی مەعنەوی، چونكە سەربەخۆبوونی هەستێكی زاتییە گرێدراوی پێگەی مرۆڤە لەنێو كۆمەڵ ، بۆیە هیچ كاتێک پارەو سامان ناتوانێ هەستی سەربەخۆبوون لەناخی مرۆڤدا بچەسپێنێ**



هەستکردن بە ئازادی وا لە ئافرەت دەکات هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئەرکدا بکات

## نووسەر و مامۆستای زانکۆ (ظمیاء الروبیعی) بۆ گوڵان:

# هەر بزاڤێکی ئافرەتان بیەوێ سەربەخۆبێ پێویستە پاڵپشتی پیاوان وەدەستبێنێ

**دکتۆرە زەمیا ئەلروبەیعی، نووسەر و میدیاکارە، ئێستا وانەبێژە لەزانکۆی موستەنسرییە لەبەغدا، هەروەها راوێژکاری راگەیاندنیشە لەکەناڵی ئاسمانی (الاتجاە). خانمی روبەیعی یەکێکە لەداکۆکیکار و چالاکڤانە دیارەکانی بواری بەرگریکردن لەمافەکانی ژنان، چەند بەرهەمێکیشی لەو بوارەدا پێشکەشکردووە، گوڵان لەدەرفەتێکدا چەند پرسێکی پەیوەست بەبەشداری ئافرەتان لەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ وروژاند.**

***هەندێك پێیانوایە ئافرەت تەنیا ئەوکاتە ئازادی تەواو بەدەستدێنێ کە دەگاتە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات یان لەسەنتەری بڕیاردان نزیکە، بەڵام ئەوەی لەرۆژهەڵات تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە دەسەڵاتی ژنان تەنیا بۆ جوانکردنی حوکمڕانی بەکاردێنێ، ئێوە چۆن لەم بۆچوونە دەڕوانن؟**

- ئافرەت گەر ئازاد نەبێ ناگاتە دەسەڵات، پێویستە پێناسەیەکی دروست بۆ چەمکی (ئازادی) ئافرەت هەبێ، ئازادی مانای لادان و لەدەستدەرچوون نییە، مانای ئەوە نییە ژنان بەئارەزووی خۆیان حەزیان لەچی بێ بیکەن و پرەنسیپ و رێسای کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان وەلاوە بنێن، ئازادی رۆشنبیری و هۆشیارییە، دەبێ ژنان خودان دۆزێکی دیاریکراو بن لەژیانیاندا و لەپێناویدا خەبات و بەرخودان بکەن. مرۆڤ پیاو بێ یان ئافرەت ناتوانێ رێك و دروست مومارەسەی ئازدی بکات گەر خودان ئیدراك و هۆشیاری نەبێ، هەستکردن بەئازادی وا لەئافرەتان دەکات هاوسەنگی لەنێوان ماف وئەرکدا بکەن، هەست بکەن ئەوانیش هێز و بیرکردنەوەیان هاوتای پیاوانە و مرۆڤی پلە دوو نین، گەر بمانەوێ بگەینە لوتکەی دەسەڵات یان لەحوکمڕانی و بڕیاردا هاوبەش بین پێویستە کیان و کەسایەتییەك بەزانست و مەعریفە و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی دەوڵەمەند بکەین، بێگومان ئەمەش ئازادی راستەقینەیە، ئەو ئازادییەی ژنان لەکۆیلایەتی و سەرلەقاندن ئازاد دەکات.

*** لەگەڵ ئەوەی بەشداری ژنانی کوردستان لەکاری سیاسی و تەنزیمیدا تا ئێستا پشکیدارییەکی لاوازە و ژنان نەگەیشتوونەتە پۆستی سەرۆکایەتی یان ئەندامیەتی مەکتەبی سیاسی حزبەکان، وەلێ سەرباری ئەمە ئەوان لەخولی ئێستای پەرلەماندا رێژەی ٣٣٪ پێکدێنن، لەم روانگەیەوە بەمەزەندەی ئێوە**

کۆمەڵایەتی

**ئەم بەشدارییە سیاسییە لاوازە بۆ نەبوونی دیموکراسییەت دەگەڕێتەوە یان پاسیڤبوونی ئیرادە و هۆشیاری لای ئافرەتان؟**

- بەڕای من هۆکارەکە نە نەبوونی دیموکراسییە و نە لاوازی ئیرادەی ئافرەتان، گەر باس لەدیموکراسییەت بکەین دەبینین بەحوکمی یاسا و دەستووری هەمیشەیی دەرگای بەشداری ژنان لەکاری سیاسیدا والایە، سەبارەت بەهۆشیاری و ئیرادەش ئەوا زۆرینەی ئافرەتانی عێراق بەهەرێم و پارێزگاکانی دیکەشەوە خاوەن هۆشیاری و ئیرادەن، بۆیە گرفتی سەرەکی هزری سیاسی پارتەکانە، راستتر بڵێین شێوەی بیرکردنەوەی پیاوانی سیاسەتە، ئەوان تەنیا بە مۆتۆ و دروشم بانگەشە بۆ بەشداری ئافرەتان لەسیاسەتدا دەکەن کەچی لەئەرزی واقیعدا هەوڵی پەراوێزخستنیان دەدەن، بێگومان ئەمەش وابەستەی ئەو ژێرخانە هزری و کۆمەڵایەتییەیە کە کەسایەتی تاکی رۆژهەڵاتی لەسەر بیناکراوە، بەڵام خۆشبەختانە گەلی عێراق دەمێکە شارەزای ئەو شێوە گەمەیە بووە، بۆ رزگاربوون لەو ئیشکالیەتە پێویستیمان بەکاتی زیاترە تا تۆوی هۆشیاری و باوەڕ بەخۆبوون لەناخی ئافرەتان بچێنین نەك ژنان لەرێگەی تەعین و لیستی دیاریکراو بگەیەنینە قوبەی پەرلەمان.

*** هەنوکە لەکوردستاندا تێبینی حاڵەتێك دەکرێ کە ژنان لەپرۆسەی سیاسیدا یان لەبڕیارە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکاندا خاوەن بڕیار نین، پاشکۆ و سێبەری پیاوانن، چی پێویستە تا ژنان بەئیرادە و وەعییەوە لەبڕیاردان بەشداربن؟**

- وەك پێشتر گوتم ژنان پێویستیان بەهۆشیاری زیاترە، پێوستیان بەوەیە پیاوان بڕوا بەتواناکانیان بکەن و دوو دڵی نەکەن لەرادەستکردنی کارو بەرپرسیارییەتی پێیان، لەکوردستان ژنان پێوستیان بەرابوون و هۆشیاری هەیە، دەبێ بۆ پارتە سیاسییەکان بسەلمێنین لەوە بەتواناترن کە پێیان دەدرێت، ژنانیش هاوشێوەی پیاوان دەتوانن حوکمرانی سەرکەوتوو و چالاك بن، مێژووی مرۆڤایەتیش پڕیەتی لەنموونەی ژنە سەرکردە سەرکەوتووەکان، لەوانە (بەلقیس)ی حوکمرانی (سەبا) و ژنانی سەردەمی بابلی و سۆمەرییەکان.

*** لەپەرلەمان و نێوەندی رۆشنبیری کوردیدا پیاوانێك هەن یارمەتیدەر و پاڵپشتی دۆزی ژنان و مافەکانیانن، رۆڵی پیاوان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چۆن دەنرخێنن، ئایا لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا ژنان بێ پاڵپشتی پیاوان تاچەند دەتوانن بگەنە ماف و ئامانجەکانیان؟**

- لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو پاڵپشتییە ئێجگار گرنگە، بێ یارمەتی پیاوان ماف وەدەستهێنان زەحمەتە، چونکە لای ئێمە ئەوان باڵادەست و خاوەن دوا بڕیارن، سەبارەت بەرۆڵی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانیش لەبارودۆخی ئێستادا بەهۆی چەند ئیعتبارێك هێشتا وەك پێویست نییە، بەڵام زۆر دووریش نییە ئەو رۆژەی ژنان پێگەی راستەقینەی خۆیان وەدەستدێنن و قسەی ئەوان دەبێتە سەنگی مەحەك لەبڕیارداندا.

*** وەك دەزانین یەکسانی و عەدالەتی راستەقینە تەرمۆمەتری پێواندنی دیموکراسییەتە، هەر حزب و کیانێك یان سیستەمێکی سیاسی بیەوێ دروست رابەرایەتی کۆمەڵگە بکات دەبێ رەچاوی ئەو پرەنسیپە بکات، لێرەوە دەپرسم چۆن دەکرێ بگەینە پەرەپێدانی سیاسیانەی دادپەروەری و یەکسانی؟**

- دادپەروەری و یەکسانی لەسەر دەستی ئەو کەسانە بەرجەستە دەبێ کە باوەڕیان بەچاکە و خۆشگوزەرانی خەڵکی هەیە، دیموکراسییەت بەرهەمی پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتییە، هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت رێکوپێك یەکسانی و دادپەروەری بچەسپێنێ پێویستە یاسای تێیدا سەروەر بێ و لەشێوازی فروفێڵ و گەندەڵی دووربکەوێتەوە کە ناکۆکە لەگەڵ بنەما و پرەنسیپی دیموکراسییەدا، ئەمڕۆ کۆمەڵگەی عێراقی لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەحزب و کیانی سیاسی راست و خاوێنە، کە بە هێز و راستگۆیی خۆیان دەتوانن بگەنە دەسەڵات و دوورن لەفروفێڵ و گەمەکردن بەشعور و ئەقڵی خەڵکی.

*** زۆرێك لەبزاف و رێکخراوەکانی ژنان لەرۆژهەڵات ئازادی ئافرەتان لەیەکسانبوونیان بەپیاوان دەبیننەوە، پێتوانییە پیاوانیش لەو جۆرە کۆمەڵگانە ئازاد و سەربەخۆ نین؟ ئایا ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی شمولی گشتگیر نییە، پەیوەست نییە بەبارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە؟**

- ژنان کاتێك داوای یەکسانی دەکەن، مانای ئەوە نییە لەهەموو شتێك یەکسان بن لەگەڵ پیاوان، ئەوان گەرەکیانە لەرادەربرین و بەشداریکردن لەژیانی رۆژانە و لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە هاوتای پیاوان بن، سەبارەت بەسەربەخۆنەبوون و چەوساندنەوەی پیاوانیش بەڵێ من لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆم، بەڵام پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئایا پیاوان لەلایەن کێ دەچەوسێندرێنەوە؟ ئایا ئەوە پیاوان نین کە هاوڕەگەزەکەی خۆیان سەرکوت دەکەن؟ بێگومان هەر پیاوانن، بۆیە هاوڕام لەگەڵ پرسیارەکەت و منیش وای بۆ دەچم بەڵێ پرسی یەکسانی و ئازادی ژنان پرسێکی گشتی دانەبڕاوە لەبارودۆخی گشتی، گەیشتن بەدادپەروەری و یەکسانی پێویستی بەریفۆرمی تەواو هەیە.

*** ئیرادەی ژنان لەکۆمەڵگە داخراوەکان ئیرادەیەکی لاوازە، ئەگەر لەنێوەندی خێزاندا کەمێك خودان راوبۆچوونی خۆیانبن، بەڵام ناتوانن ئەو ئیرادەیە بۆ هێز و بڕیار بگۆڕن، بەرای ئێوە چەسپاندنی عەدالەت و یەکسانی بەسە بۆ گەیشتن بەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی یان مەسەلەکە پەیوەستە رۆشنبیری تاك و کۆمەڵ؟**

- وەك پێشتر گوتم مەسەلەکە پەیوەندی بەرادەی هۆشیاری و کولتووری کۆمەڵگاوە هەیە، چی لەیەکسانی و دادپەروەری بکەین ئەگەرهاتوو کۆمەڵ لەئەرزی واقیعدا بە چاوێکی کەم و بێ دەسەڵات تەماشای ژنانی کرد؟ کەواتە دەبێ کۆمەڵگە بەتایبەت ئەقڵییەتی پیاوان گۆڕانی بەسەردابکرێ، دەبێ لەمەودوا هەموو لایەك ئەو راستییە هەزم بکەن کە ئەو ئافرەتانەی گەیشتوونەتە پلەی زانا و توێژەر و مامۆستا و رۆژنامەنووس و ئەندازیار و.. تد کەسانێکن هاوشێوەی پیاوان خاوەنی هێز و ئیمکانیاتن، لەتوانایاندایە بەشدرای بەرەو پێشەوەچوونی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا بکەن.

*** لەرۆژئاوادا ژیان خروشێکی دیاریان لەژیانی ئابووریدا هەیە و خاوەن سەرمایە و داهاتی خۆیانن، لەم روانگەیەوە تا چ ئاستێك سەربەخۆیی ئابووری کاریگەرە لەوەدەستهێنانی ئازادی؟**

- لەرۆژئاوادا سستەمی ژیان جیاوازە، لەوێدا ژنان بەناچاری دەبێ کاربکەن و خۆیان بژیەنن، چونکە پیاواو ناچار کراوە خێزانەکەی بژیەنێ، بەڵام لای خۆمان بەهۆی عادات و تەقالیدی کۆمەڵ و حەزووری بەرچاوی ئایین لەژیانی تاکدا ژیان و گوزەرانی ئافرەت لەئەستۆی پیاو دایە جا ئافرەت کار بکات یان نا، بێ دوو دڵی دەکرێ بڵێین ئەو سستەمە ئایینییە و کۆمەڵایەتییە لەخزمەتی ژنان دایە و ژنانی کۆمەڵگەی ئێمە پێچەوانەی ژنانی رۆژئاوا هەست بەئەمان و ئاسوودەیی دەروون دەکەن، بەڕای من ئەگەر ئافرەتانی ئێمە لەرووی ماددییەوەش سەربەخۆبن ئەوە نابێتە هۆی هەستکردن بەسەربەخۆیی مەعنەوی، چونکە سەربەخۆبوونی هەستێکی زاتییە گرێدراوی پێگەی مرۆڤە لەنێو کۆمەڵ و جۆری ئەو کار و خزمەتانەی پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات، بۆیە هیچ کاتێك پارەو سامان ناتوانێ هەستی سەربەخۆبوون لەناخی مرۆڤدا بچەسپێنێ.

بەشێک لە کێشەی ژنان پەیوەستە بە هزری سیاسی پارتەکان یان راستتر بڵێین شێوەی بیرکردنەوەی پیاوانی سیاسەتە

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەربەخۆیی ماددی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ ئافرەتان دەستەبەر ناکات